# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەر قەدێکی دارخورما دەوەستا لە کاتی وتاردا، کاتێک مینبەرێکی بۆ دانرا، گوێمان لێبوو کە قەدی دارخورماکە دەنگێکی لێوە دێت وەکو دەنگی وشتر، هەتا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- (لەسەر مینبەرەکە) دابەزی ودەستی لەسەری دانا (بۆیە) بێدەنگ بوویەوە

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەر قەدێکی دارخورما دەوەستا لە کاتی وتاردا، کاتێک مینبەرێکی بۆ دانرا، گوێمان لێبوو کە قەدی دارخورماکە دەنگێکی لێوە دێت وەکو دەنگی وشتر، هەتا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- (لەسەر مینبەرەکە) دابەزی ودەستی لەسەری دانا (بۆیە) بێدەنگ بوویەوە». وله گێڕانەوەیەکدا: «لە ڕۆژی جومعەدا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەر مینەر دانیشت، (قەدی) دارخورماکە دەستی کرد بە گریان هەتاوەکو خەریک بوو لەت لەت بێت». وله گێڕانەوەیەکدا: «گریا (وهاواری کرد) وەکو گریانی منداڵ، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دابەزی وباوەشی پێدا کرد، بەردەوام دەگریا وەکو گریانی منداڵ کە هێور دەکرێتەوە هەتا بێدەنگ دەبێت»، فەرمووی: «گریا (بەهۆی ئەو زیکرەی دەیبیست (کە لە نزیکی دەووترا».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەر قەدێکی دارخورما دەوەستا لە کاتی وتاردا، وکاتێک مینبەرێکی بۆ دروستکرا وچیتر لەسەر قەدی دارخورماکە وتاری نەدا، گوێیان لە دەنگی گریانی قەدی دارخورماکە بوو؛ گریا بەهۆی ئەو زیکرەی دەیبیست (کە لە نزیکی دەووترا) چونکە چیتر لە نزیکی ناووترێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- (لەسەر مینبەرەکە) دابەزی ودەستی لەسەری دانا (بۆیە) بێدەنگ بوویەوە. وله گێڕانەوەیەکدا: قەدی دارخورماکە گریا (وهاواری کرد) وەکو گریانی منداڵ، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دابەزی وباوەشی پێدا کرد هەتا بێدەنگ بوویەوە، وئەمە لە وتاری ڕۆژی جومعەدا بوو.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4927

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee